Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)
TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpA.10

# تیۆری شوناس لای فرانسیس فۆکۆیاما

**هاوکار رسول محمد /** بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
**امین فرج شریف /** بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Hawkar Rasool Mohammed
hawkar.mohammed@su.edu.krd

RECEIVED :10 /12/2024
ACCEPTED :25/03/ 2025
PUBLISHED :15/06/ 2025

**وشە سەرەکییەکان:**

فۆکۆیاما،
شوناس،
شوناسی نەتەوەیی،
سیاسەتەکانی شوناس،
فرەکولتوری.

**پوختە**

پرسی شوناس بووەتە بابەتێکی سەرەکی لە هزری سیاسی هاوچەرخدا، بۆیەش تیژ و ڕوانگەی جۆراوجۆر لەو بارەیەوە خراونەتە ڕوو. فرانسیس فۆکۆیاما لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیای لیبرال دیموکراسیدا، ڕوانگەی خۆی بۆ شوناس خستووەتە ڕوو. توێژینەوەکە هەوڵ دەدات تێگەیشتنی فۆکۆیاما بۆ شوناس ڕوون بکاتەوە و تیشک بخاتە سەر کاریگەری پرسی شوناس لەسەر کۆمەڵگە و وڵاتەکانیان.

فۆکۆیاما جەخت لەسەر مافی تاک دەکاتەوە لە دەست نیشان کردنی شوناسەکەی، چونکە تاک داوای پاراستنی شکۆمەندییەکەی دەکات. فۆکۆیاما لە باسکردنی شوناسدا پشتی بە چەمکی تیمۆس (Thymos) بەستووە کە ئارەزووی مرۆڤە بۆ دان پێدانان بە شکۆمەندیەکەی.

فۆکۆیاما شوناسی نەتەوەیی بە کرۆکی بونیادنانی نەتەوە (Nation- -building) هەژمار دەکات و دەکرێت ئەو جۆرە شوناسەش لە ڕێگەکانی دەستوور، پەروەردە یان بەها سیاسییەکان دروست بکرێت.

فۆکۆیاما ڕەخنە لە سیاسەتەکانی شوناس دەگرێت کە ڕەچاوی خواست و شکۆمەندی تاک ناکات و گرنگی زیاتر بە گروپەکان دەدات، لە هەمان کاتیشدا پێی وایە ئەو فرەکولتوریەی لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان هەیە، دەبێتە هۆی لێکهەڵوەشانەوەی ئەو کۆمەڵگایانە لە داهاتوودا.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1. پێشەکی

شوناس بابەتێکی سیاسی، یاسایی، کۆمەڵایەتی و هەمەچەشنە کە پەیوەستە بە تاک، گروپ، کۆمەڵگە و وڵات و زۆر بواری دیکە. ئاست و شێواز و فۆرمی شوناس جۆراوجۆرن لە ئاستی کەسی، پیشەیی، خزمایەتی، ئەرک و بەرپرسیارییەتی و پانتایی گریمانەیی، تاوەکو ئاستی شوناسی گەورەی وەکو نەتەوەیی و نێودەوڵەتی، بۆیە تێڕوانینەکان لەو بارەیەوە هەمەچەشنن. شوناس تایبەتمەندییە، کە بە کەسێک یاخود شتێکەوە دەلکێنرێت. لەناو زانستە سیاسییەکاندا بە دیاریکراوی لە ناو تیۆرەکانی سیاسی هاوچەرخدا ژمارەیەک تیۆر و بۆچوون لە هەمبەر شوناس خراوەتە ڕوو، لە ماوەی ئەم چەند ساڵانەی دوایدا، دیالۆگ و گفتوگۆی زۆر لەسەر شوناس و کاریگەرییەکانی کراوە. لەم توێژینەوەیەدا وەکو سەرەتا چوارچێوەیەکی تیۆری شوناس باس دەکرێت، دواتر تیۆری شوناس لە دیدی فرانسیس فۆکۆیاما باس دەکەین، کە یەکێکە لە فەیلەسوف و بیریارانی ئایدۆلۆژیای لیبرالیزم.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە کۆی هزرەکانی فۆکۆیاما و تێڕوانینەکانی فۆکۆیاما سەبارەت بە شوناس بخرێتە ڕوو و شی بکرێتەوە، چونکە فۆکۆیاما شوناسی وەکو دیاردەیەکی سیاسی باس کردووە و ڕاڤە کردووە. فۆکۆیاما زۆر جەخت لەسەر ڕێزگرتن لە هەستی نێوخۆی مرۆڤ دەکاتەوە، کە تیایدا مرۆڤ بەگوێرەی هەست و ئارەزووی نێوخۆی خۆی داوای ئەوە دەکات، کە دان بە شکۆیدا بنرێت. فۆکۆیاما لەژێر کاریگەری هزرەکانی ئەفلاتون و هیگڵ باسی لە بابەتی شوناس کردووە و چەمکی تیمۆس Thymos لە ئەفلاتوون وەرگرتووە، کە گوزارشتە لە ئارەزووی دانپێدان بە شکۆ، کە فۆکۆیاما بە ڕەگی شوناسی هەژمار کردووە، هەروەها فۆکۆیاما بۆ وردەکاری لەسەر دانپێدانان پشتی بە هزرەکانی هیگڵ بەستووە. تیۆرەکەی فۆکۆیاما قەیرانی قوڵی شوناس لە کۆمەڵگەی لیبرال دیموکراسی نیشان دەدات.

لە هزری فۆکۆیامادا شوناسی نەتەوەیی بڕوایەکی هاوبەشە لە نێوان هاووڵاتیاندا، کە دەکرێت ئەو بڕوایە لە ناوەندەکانی خوێندن یاخود لە ڕێگەی بەها و بنەماکانی لیبرالیزم یان بنەماکانی دەستووری وڵاتەوە دروست بکرێت. شوناسی نەتەوەیی بۆ یەکانگیری کۆمەڵگە و باش بەڕێوەبردنی دەوڵەت گرنگە. فۆکۆیاما مەترسی ئەوە دەخاتە ڕوو کە سیاسەتەکانی شوناس و فرەکولتووری کۆمەڵگە بەرەو پارچە پارچە کردن دەبات، دەوڵەتیش بەرەو داڕووخان دەبات. تیۆرەکەی فۆکۆیاما لە بارەی شوناسەوە ئەوە نیشان دەدات، کە شوناس لە وڵاتان بەگشتی و کۆمەڵگە لیبرالەکان دووچاری قەیران بووەتەوە. ئەو قەیرانە ڕۆژ بە ڕۆژ بە هۆی کارتێکەرە ناوخۆی و دەرەکییەکان قووڵتر دەبێتەوە، ئەمە جگە لەوەی بە هۆی شەپۆلەکانی شۆڕشی پیشەسازی قەیرانەکە خێراتر و فراوانتر و ئاڵۆزتر بووە، لە هەمووی زیاتر هەست بەو قەیرانە دەکرێت، کە لە ئەنجامدا گرفتی بۆ پێکهاتەکانی کۆمەڵگە و دەسەڵاتەکان دروست کردووە.

### 1.1 گرفتی توێژینەوە:

شوناس لە ئێستادا گرفتێکی گەورەیە لەبەردەم وڵات و کۆمەڵگەکاندا، بۆیە تێز و تیۆری جۆراجۆر لەو بارەیەوە هەیە. لە ناو ئایدۆلۆژیای لیبرالیزمدا ژمارەیەک تێز و تیۆر دەربارەی شوناس باس کراون، کە دەرئەنجامی بوونی قەیرانە لە ناو ئەو ئایدۆلۆژیایە. تێگەیشتن لە تیۆری شوناسی فۆکۆیاما و چەمک و زاراوەکانی ناو تیۆرەکەی گرفتە، پێویستی بە سادەکردنەوە هەیە، کە لەم توێژینەوەیەدا ئەنجام دراوە. گرفتێکی دیکەش پەیوەستە بە ئاستی تیۆرەکەی فۆکۆیاماوە بەتایبەتی لە ئاستی کۆمەڵگە و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. جیا لەوەش تیۆرەکە لە بەردەم ئاڵنگاری گەورە دایە، چونکە خاوەنەکەی پێشتر یەکێک لە تیۆرەکانی بە ناوی کۆتایی مێژوو ڕەخنەی زۆری لێ گیرا، کە واقعی نەبووە.

### 1.2 گرنگی توێژینەوە:

شوناس خۆی بابەتێکی گرنگە و لە هەموو لایەکەوە کاری لەسەر دەکرێت. گرنگی توێژینەوەکە لەوە بە دیار دەکەوێت لە چوارچێوەی هزری فۆکۆیاما بەگشتی و تیۆری شوناس بەتایبەتیی لە دیدی ناوبراو دەخرێتە ڕوو، کە ئەمەش گرنگە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی دروستکردنی شوناس لەسەر ئاستی کۆمەڵگە و وڵات. ئەزمونی شوناسی نەتەوەیی لە کۆمەڵگەی لیبرال دیموکراسی باس دەکا و ئاماژە بەو مەترسیانەش دەکات، کە بە ناوی سیاسەتەکانی شوناسەوە

کاریگەری نەرێنی لەسەر کۆمەڵگە و وڵات دروست دەکەن. بابەتی شوناس لە تیۆری سیاسی هاوچەرخ گرنگە بۆ وڵاتان، تاوەکو کەلێن و کەم و کورتییەکانیان لەو بارەیەوە بزانن، هەروەها شوناس گرنگی تایبەتی هەیە لە داڕشتنی سیاسەتە گشتییەکانی وڵات و نیشاندانی ئاستی یەکگرتووی یان پەرتەوازەی کۆمەڵگەدا.

### 1.3 ئامانجەکانی توێژینەوە:

ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە تیۆری شوناسی فۆکۆیاما و چەمکەکانی پەیوەست بەم تیۆرە ڕوون بکاتەوە، هەروەها باس لە گرنگی شوناسی نەتەوەیی بۆ یەکخستنی کۆمەڵگا بکات، دیارترین مەترسییەکانی سەر کۆمەڵگەی لیبرال دیموکراسی و کۆمەڵگەی ئەمریکی بە هۆی سیاسەتەکانی شوناس و فرەکولتوورییەوە دەخرێتە ڕوو.

### 1.4 میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە یەکێکە لەو توێژینەوانەی کە وەسفی- شیکارییە، کە تیایدا تیۆری شوناس و شوناسی نەتەوەیی لە ڕوانگەی فۆکۆیاما باس دەکرێت و شی دەکرێتەوە. جیا لەوە پەیوەندی نێوان شوناس و ئایندەی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان ڕوون کراوەتەوە. توێژەر بۆیە پشتی بە باسکردنی تیۆرەکە بەستووە، چونکە بە ئاسانتر دەتوانرێت چوارچێوەکەی بخرێتە ڕوو و زیاتر بابەتەکە ڕوون دەکرێتەوە، خوێنەریش بە ئاسانتر دەتوانێت لێی تێبگات.

### 1.5 پرسیارەکانی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەدا هەوڵ دراوە وڵامی پرسیارێکی گشتگیر بدرێتەوە ئەویش ئەوەیە، کە فۆکۆیاما چۆن لە شوناس تێگەیشتووە و بە چ شێوەیەک تیۆرەکەی سەبارەت بە شوناس باس کردووە؟. توێژینەوەکە جگە لەم پرسیارە سەرەکییە وەڵامی پرسیارە لاوەکییەکانی دیکەش دەداتەوە وەکو چەمک و زاراوەی شوناس، مەترسییەکانی سیاسەتەکانی شوناس و فرەکولتووری چین؟.

### 1.6 پلانی توێژینەوە:

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و دەرئەنجام، لە (2) دوو باس پێک دێت. لە باسی یەکەمدا کە چوارچێوەیەکی تیۆرییە، چەمکی شوناس، جۆرەکانی شوناس دەخرێتە ڕوو. لە باسی دووەمدا تیۆری شوناس لە ڕوانگەی فۆکۆیاما باس دەکرێت، کە تیایدا فۆکۆیاما تیۆرەکەی لەسەر ئاستی تاک دادەڕێژێت، پاشان باسی شوناسی نەتەوەیی لە دیدی فۆکۆیاما دەخرێتە ڕوو، دواتر مەترسییەکانی فۆکۆیاما لە سیاسەتەکانی شوناس و فرەکولتووری باس دەکرێت.

### 2.1 شوناس:

شوناس یەکێکە لە بابەتانەی کە فەیلەسوف و زانایان و توێژەران، قسە و باسی زۆریان لە بارەیەوە کردووە، بۆیە ناتوانرێت لە چوارچێوەیەکی گشتی و گشتگیر و کۆکراوەدا پێناسە بکرێت، یاخود هەموو تایبەتمەندییەکانی کۆ بکرێتەوە، چونکە شوناس ڕاستییەکی ڕەها نییە و بەرهەمی چالاکی مرۆڤە. جیا لەوەش شوناس لە بەستێن (سیاق-Context)ی جۆراوجۆردا بەکار دەهێنرێت، بۆیە زۆرجار بەستێن یاخود شوێنێک دەبێتە سەرچاوە شوناسەکە.
زاراوەی شوناس لە زمانی ئینگلیزی بە (Identity)، لە زمانی فەڕەنسیدا (Identité)ی بەکارهێنراوە، کە لە بنچینەدا لە وشەی (Identitas)ی زمانی لاتینیەوە وەرگیراوە، کە ئەو مانایانەی گەیاندووە: (هەمان شت، ئەوە شتەیە کە هەیە، ئەو شتەی کە سروشتێکی هەیە لە شتی دیکە ناچێت، هەروەها لە زمانی عەرەبیش (الهوية) بەکاردەهێنرێت (البوني، 2013: 23). لە زمانی کوردی شوناس (هەژار، 1369: 279) یاخود ناسنامە بەکاردەهێنرێت (تاڵەبانی، 2004: 228)، هەندێکجاریش بە مانای پێناسە دێت (کەریم،2006: 777). کەواتە دەکرێت شوناس تایبەت بێت بە بوونی بایۆلۆژی و واتایی (مەعنەوی) شتێک یاخود تایبەتمەندی و خەسڵەتێک لە شتێکدا هەبێت لەوانی دیکەدا نەبێت. شوناس گوزراشتە لە ناساندن.

چەمكی شوناس ئاڵۆزە و شێوەی چەمكەكەش دەگۆڕدرێت بەگوێرەی تایبەتمەندییەكانی تاك، دینامیكیەتی خێزان، هۆكارە مێژووییەكان، بەستێنە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكان دەگۆڕدرێت. ئەم چەمكە وەڵامی پرسیاری ئەوەی دەداتەوە كە من كێم؟ یاخود تایبەتمەندی كەسی دەخاتە ڕوو، یان پەیام دەگەیەنێت (Tatum, 2000: 10). شوناس بەردەوام وەڵامی پرسیاری ناساندن دەداتەوە، كە مرۆڤ بێت لەسەر ناساندنی خودی یان پیشەیی یان تایبەتمەندی یان نەتەوەیی و ئەگەر مرۆڤیش نەبێت، ئەوا دەبێتە هۆی ناسینەوە ئەو شتەی كە شوناسەكەی خراوەتە ڕوو.

لە ڕووی زاراوەیی (الاصطلاحي)یەوە ناتوانرێت پێناسەیەك دابنرێت كە فەیلەسوف و بیریار و زاناكان لەسەری كۆك و هاوڕا بن، چونكە كۆدەنگییەك لەسەر پێناسەیەكی گشتی و گشتگیر و بێ گرێ و گۆڵە بۆ شوناس نییە. جیا لەوەش لەبەرئەوەی شوناس پەیوەستە بە هەموو بوارەكانی ژیان و سەرجەم یەكەكانی زانست، بۆیە تێڕوانینەكان بۆ شوناس جیاوازن و هەر بوارێكی زانستی بەشێوەیەكی جیاواز لە شوناس دەڕوانێت، كە جیاوازە لە گۆشەنیگای بوارەكانی دیكە. بوارەكانی فەلسەفی، سیاسی، كۆمەڵناسی، دەروونناسی كاری زیاتریان لەسەر شوناس كردووە، بە بەراورد بە بوارەكانی دیكەی زانست.

لە ڕووی فەلسەفییەوە تێڕوانینی جیاوازی لەسەر پێناسەی شوناس هەیە، چونكە هەر فەیلەسوفێك لە كات و ساتێكی دیاریكراودا باسی ئەم بابەتەی كردووە، كە ئەو فەیلەسوفانەش لە ڕووی بەستێن، هزری و ئایدۆلۆژییەوە لێك جیاوازن، بەڵام بەشێوەیەكی گشتی لە بواری فەلسەفیدا، شوناس زیاتر پەیوەستە بە بوون و گرنگی هەبوونەكەی. چەمكی شوناس بۆ یەكەمین جار لە بواری فەلسەفیدا بەكارهێنراوە، دواتر بووەتە یەكێك لە چەمكەكانی زانستە كۆمەڵایەتییەكانی دیكە (بشارة، 2022: 19). شوناس لە ڕووی سیاسییەوە هاوشێوەی فەلسەفە تێڕوانینی جیاوازی لەسەرە، بەڵام زیاتر پەیوەستە بە تاك و گروپ و نەتەوە. لە ناو زانستە سیاسییەكاندا و بەتایبەتی لە ناو تیۆرە سیاسیەكاندا، شوناس ئەو تایبەتمەندی بنەڕەتییانەیە، كە تاك و گروپ و نەتەوە پێیان دەناسرێتەوە (Bevir, 2010: 679). لەم كات و ساتەدا دیارترین ئەو تیۆرە سیاسیانەی باسی شوناس دەكەن لە چوارچێوەی پاراستنی شكۆمەندی تاك، گروپ یان نەتەوە دان، تیۆرەكانیش بەگوێرەی خاوەنەكانیان و كۆمەڵگاكان گۆڕانكارییان تێدایە.

لە ڕووی كۆمەڵناسییەوە ئەم چەمكە پەیوەستە بە چوارچێوەیەكی كۆمەڵایەتییەوە كە تاك یان گروپ لە ژینگەیەكی كۆمەڵایەتییدا هەیەتی و تێیدا دەژیت. لە ڕووی دەروونییەوە ئەو چەمكە پەیوەستە بە پێكهێنەرە بایۆلۆژی و دەروونییەكانی مرۆڤ (جيلالي، 2016: 163-164). زانای دەروونناسی ئەمریكی ئیریك ئیریكسۆن شوناس بە قۆناغەكانی گەشەی مرۆڤەوە پەیوەست دەكات. ناوبراو خاوەنی تیۆری گەشەی دەروونی و كۆمەڵایەتییە، كە تیایدا قۆناغەكانی گەشەی مرۆڤی بە (8) هەشت قۆناغ دابەش كردووە، كە لە قۆناغی پێنجەم كە هەرزەكارییە و ماوەكەی لە نێوان (12-20)ساڵی دایە، هەرزەكار لەو ماوەیەی تەمەنیدا بە دوای شوناسی خۆیدا دەگەڕێت (كوزين، 2010: 88). ئیرك

دەكرێت ناو، پیشە، تایبەتمەندی یان هەر شتێكی دیكە بۆ دوای شوناس زیاد بكرێت و گوزارشت بێت لە ڕەوشێك، پیشەیەك، شوێنێك، نەتەوەیەك، ڕۆشنبیرییەك، ئاین و ئاینزایەك، وڵاتێك، خێڵ و هۆزێك و تەنانەت دەكرێت لە ناو پانتای گریمانەیش باس لە شوناسی گریمانەیی و شوناسی ژمارییی بكرێت. لە سەردەمی هاوچەرخدا چەمكی شوناس پەیوەست كراوە بە شكۆمەندییەوە چ لەسەر ئاستی تاك یاخود لەسەر ئاستی گروپ (بشارة، 2022: 39).

## 2.2 جۆرەكانی شوناس :

دابەشكاری جۆراوجۆر سەبارەت بە شوناس هەیە، كە بەشێك لەو دابەشكارییانە لەسەر بنەمای جوگرافی، مێژووی، پیشەیی....هتد دانراون. لە ڕاستیشدا شوناس لە سەرجەم بوارەكاندا هەیە، بۆیە دەكرێت شوناس وابەستەی سەرجەم بوارەكان بكرێت، تەنانەت دەكرێت دیكۆری ماڵەكەشت شوناسی خۆی هەبێت، كە ئایا مۆدێرنە یاخود نەریتییە یاخود ماڵەكەت چ شوناسێكت دەخاتە ڕوو (حەمامین، 2021: 144). لێرەدا ئاماژە بە ژمارەیەك جۆری شوناس لە ئاستەكانی گەورە و بچووك دەدەین، كە هەر جۆرێكیان لە بەسێن و كاتی خۆیدا گوزارشت لە تایبەتمەندییەكانی دەكات.

### 1.2.2 شوناسی نەتەوەیی:

شوناسی نەتەوەیی (الهوية القومية- National Identity) بریتییە لە دووبارە بەرهەم هێنانەوە و دووبارە ڕاڤە کردنەوەی بەردەوامی شێوەکانی هێماکان، بەهاکان، بیرەوەرییەکان، ئەفسانەکان و نەریتەکان کە لە شێوەی کەلەپوری نەتەوەن، کە تاک بەو نەتەوەییەوە گرێ دەدات (Smith, 2009: 109). دەکرێت ئەو جۆرە شوناس بەشێوەیەکی دیکە پێناسە بکرێتەوە، کە شوناسی نەتەوەیی چیرۆکێکە، کە نەتەوەیەک بۆ خۆیان دەگێڕنەوە، پشت بە ئەزموون دەبەستێت، لەو بەستێنە کۆمەڵایەتییەدا دروست دەبێت، کە نەتەوەییەک تێیدا ژیاوە. دەکرێت شوناسی نەتەوەیی بسەپێنرێت یاخود لە ڕێگەی پەروەردە دابهێنرێت (Aziz, 2015: 25). کەواتە شوناسی نەتەوەییەک لە هێما، بەها، ئەزموونی پێکەوەژیان، یادەوەری و بەجێماوەکان پێک دێت. ڕێگەی و شێوازی زۆر بۆ دروستکردنی شوناسی نەتەوەیی بونیان هەیە، کە هەندێکیان جەخت لەسەر پەروەردە و هەندێکی دیکەیان لەسەر بەهاکان دەکەنەوە. بەشێوەیەکی گشتی شوناسی نەتەوەیی پشت بە دروستکردنی یادەوەری هاوبەش دەبەستێت کە گرنگترین پرۆسەی نەتەوەسازییە، کە تیایدا هەوڵ دەدرێت یادەوەری و خودئاگایی تاکەکانی گروپ وەکیەکی وەک شتێکی ئەزەلی و سروشتی وێنا بکات (شەڕەفی، 2024 :47). گرنگترین هۆکاری بونیاتنانی شوناسی نەتەوەییە، پەروەردەیە.

### 2.2.2 شوناسی ئاینی:

شوناسی ئاینی شێوەیەکە لە شوناس، کە لەسەر بنەمای پەیوەست بوون تاوەکو باوەڕی ئاینی دروست دەبێت (کوثراني، 2010: 11). شوناسی ئاینی ئاماژە بە پابەندبوونی باوەڕی و بڕوای تاکێک دەدات، کە ئاینێک یاخود لە گروپێکی ئاینی دیاریکراودا. گەر بە نموونە باس لەوە بکەین، کە مسوڵمان گوزارشتە لە تاکێک کە باوەڕی بە بنەما و ڕایەڵەکانی ئاینی ئیسلام هەیە. لە ناو شوناسی ئاینیدا شوناسی ئاینزایش هەیە، کە وابەستبوونە بە ئاینزاییەکی دیاریکراو لە ناو ئاینێکدا، وەکو مسوڵمانێکی سوننەمەزهەب، کریستیانێکی پرۆتستانتی...هتد.

### 3.2.2 شوناسی کۆمەڵایەتی:

پەیوەست بوونی تاکە بە گروپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، کە جۆرێک لە پەیوەست بوون و باوەڕبەخۆبوون تێیدا ڕەنگ دەداتەوە، هەروەها جۆرێک لە پاڵپشتی مەعنەوی و هێز و باوەڕ بە تاک دەبەخشێت. جۆرج هێربێرت مێدی کۆمەڵناس بە ئالاهەڵگری تیۆری شوناسی کۆمەڵایەتی دادەنرێت. ئالاهەڵگری تیۆری شوناسی کۆمەڵایەتی جۆرج هێربێرت مێده (گوڵمحەمەدی، 2007: 220-221). بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵناسەکان زیاتر کار لەسەر شوناسی کۆمەڵایەتی دەکەن، کە تیایدا پەیوەندی تاک لەگەڵ ئەو گروپەی تێیدا ئەندامە ڕوون دەکەنەوە.

### 4.2.2 شوناسی کەسی:

شوناسی کەسی بریتییە لە ڕاستی ڕەهای کەسی و تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی کەسی (مفلح، 2013: 369) شوناسی کەسی تایبەتمەندییە ڕەهاکانی کەسی، هەڵسوکەوتی کەسی، کار و کاردانەوەکانی کەسی و شێوازێکی تایبەتی کەسی دەگرێتەوە (باریک، 2013: 31-35).

### 5.2.2 شوناسی ژمارەیی یاخود شوناسی گریمانەیی:

شوناسی ژمارەیی بریتییە لە کۆمەڵێک تایبەتمەندی و ئاماژە و داتا، کە تاک بەکاریان دەهێنێت لە پێشکەشکردنی خۆی لە کۆمەڵگە گریمانییە ژمارەییەکاندا، لەو ڕێگەیەوە کارێک لەگەڵ یەکتری دەکەن. ئەم جۆرە شوناس ئارەزوومەندانەیە، چونکە تاک بە ئارەزووی خۆی ئەو تایبەتمەندیانە دەست نیشان دەکات (عبدالرزاق، 2024: 223-224). دەکرێت بە ڕوونتر ئاماژە بە شوناسی گریمانەیی بدەین، کە ئەو تایبەتمەندییانە تاک لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتەرنێت خۆی پێ دەناسێنێت، لە ڕێگەی ئەو تۆڕانەوە لەسەر کۆمەڵێک بنەما و بەهای هاوبەش ڕێک دەکەون

### 1.3 شوناس لە دیدی فۆکۆیاما:

یۆشیریۆ فرانسیس فۆکۆیاما(*) یەکێکە لە تیۆریست و بیریارانی ئایدۆلۆژیای لیبرالیزم، لە ناو ئەو ئایدۆلۆژیایەش سەر بە ڕەوتی پارێزگارە نوێیەکان(**) (المحافظون الجدد-New Conservatives) بووە و دواتر وازی لەو ڕەوتە هێناوە. ناوبراو ئێستا لە زانکۆی ستانفۆرد وانە دەڵێتەوە و توێژینەوە دەکات. دیارترین تێزەکانی بریتیین لە کۆتایی مێژوو، بونیاتنانی نەتەوە، گەشەپێدانی سیاسی و شوناس (قاعود، 2014: 100-108).

فۆکۆیاما دوای ئەوەی دەستی بە نووسین و بڵاوکردنەوە کردووە، لە ژمارەیەک وتار و چاوپێکەوتندا بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ باسی بابەتی شوناسی کردووە، بەڵام لە پەرتووکێکدا کە لە ساڵی 2018 لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڵاوی کردووەتەوە بە ناونیشانی: شوناس: داواکارییەکانی شکۆمەندی و سیاسەتی نیگەرانی (Identity: The Demand for Dignity and the Politics of Resentment) ، کۆهزری خۆی لە بارەی شوناس خستووەتە ڕوو. جێگەی ئاماژە پێدانە، فۆکۆیاما ناوەڕۆکی هەمان پەرتووکی بە بێ زیادکردن یاخود کەم کردن لە ساڵی 2019 لە بەریتانیا بە ناونیشانی شوناس: سیاسەتە هاوچەرخەکانی شوناس و خەبات بۆ دانپێدانان ( Identity: Contemporary Identity Politics and the Struggle for Recognition) بڵاو کردەوە. ناوەڕۆکی ئەم پەرتووکە کە بە دوو ناونیشان بڵاوکراوەتەوە، چەقی تێڕوانینی فۆکۆیامایە لە هەمبەر شوناس.

فۆکۆیاما لە باسکردنی زاراوەی شوناسدا ئاماژە بەوە دەدات، کە ئەو زاراوەیە لە مێژوودا بەشێوەی جیاواز باسی لێ کراوە، لە سەردەمی هاوچەرخیشدا ئەم زاراوەییە لە لایەن ئێریک ئێریکسۆن(Erik Erikson) پسپۆڕی دەروونزانی ئەڵمانی-ئەمریکی لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا بەکارهاتووە، بەتایبەتی ئێریکسۆن شوناسی بە هۆکارە دەروونییەکان پەیوەست کردووە (فۆکۆیاما، 2019: 29)

شوناس لە دیدی فۆکۆیاما لە دوو دیو پێک دێت، دیوی خودی نێوخۆی ڕاستەقینە (الذات الداخلية الحقيقية - true inner self) ی مرۆڤ و دیوی جیهانی دەرەوە (العالم الخارجي - outer world) کە ئەو دیوە، ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان و پێوەرەکان دەگرێتەوە. دیوی یەکەم بناغەی شکۆمەندی مرۆڤە، بەڵام بە سروشت ئەو شکۆمەندییە بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕدرێت. لە کۆمەڵگە کۆنەکاندا تەنها ژمارەیەک کەس خاوەنی شکۆمەندی بوون وەکو شەڕکەران یاخود لە هەندێک کۆمەڵگەی دیکەدا ئەو شکۆمەندییە یەکێک بووە لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ، دواتر ئەو شکۆمەندییە بۆ دانپێدانان گۆڕدراوە (Fukuyama, 2018b: 6).

فۆکۆیاما پێی وایە شوناس بەرئەنجامی ناکۆکی نێوان هەر دوو دیوی خودی نێوخۆی ڕاستەقینە وجیهانی دەرەوە -یە، چونکە دەبێت جیهانی دەرەوە بەها بۆ خودی نێوخۆی ڕاستەقینە دابنێت و ڕێزی لێ بگرێت و دانی پێدا بنێت، ئەمە دانپێدانانەش فۆکۆیاما بە تیمۆس گوزارشتی لێ کردووە، کە لە ئەفلاتون (427پ.ز-347پ.ز) و هیگڵ (1770-1831) وەری گرتووە (منتاق، 2019: 251). بە واتایەکی دیکە با هەرچەندە مرۆڤ هەست بە شکۆمەندی بکات، بەڵام ئەگەر دان بەو شکۆمەندییە نەنرێت و لە کۆمەڵگەدا ڕەچاو نەکرێت، ئەوا هیچ بایەخ و گرنگییەکی نییە. کەواتە باسکردنی

---

* یۆشیریۆ فرانسیس فۆکۆیاما (Yoshihiro Francis Fukuyama)، بە ڕەچەڵەک خەڵکی یابانە، لە 27ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1952 لە ویلایەتی شیکاگۆی ئەمریکا لە دایک بووە، ساڵی 1974 دیراساتی کلاسیکی لە زانکۆی کۆرنێل تەواو کردووە، ساڵی 1981 دکتۆرای لە زانکۆی هارڤارد وەرگرتووە کە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی سۆڤیەت بووە، لە ساڵانی 1981-1982ئەندامی دەستەی داڕێژەرانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بووە، هەر لەو ماوەیەدا ئەندامی شاندی ئەمریکا بووە لە دانوستانی میسر و ئیسرائیل سەبارەت بە خۆبەڕێوەبردنی فەلەستین، ئەندام و ڕاوێژکاری دامەزراوەی ڕاند (RAND) بووە، ساڵانی 1989-1990 جێگری بەڕێوەبەری دەستەی داڕێژەرانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بووە، ساڵانی 1994-1996 لە کۆلێژی جونز هۆپکینز و ساڵانی 1996-2001 لە زانکۆی جۆرج ماسون وانەی وتووەتەوە، لە ساڵی 2010ـەوە تاوەکو ئێستا لە زانکۆی ستانفۆردە (قاعود، 2014: 99-101) و (المحمداوي، 2015: 773-776).

** بنەما سەرەکییەکانی لیبرالیزم بریتیین لە تاکایەتی، ئازادی، عەقڵ، دادپەروەری و لێبوردەیی (هیود، 2012: 44)، بنەما سەرەکییەکانی پارێزگارەکانی ناو لیبرالیزم ئەمانەن: نەریتگەرایی، نەریتگەرایی گرێدراوی ئاینە، نایەکسانی سروشتیانەی مرۆڤ، خاوەندارێتی تایبەت و کۆمەڵگەی ئەندامی. پارێزگارە نوێیەکانیش لە ساڵانی 1960ـەوە سەریان هەڵداوە کە تیایدا داوایان کرد بگەڕێنەوە بۆ بنەماکانی بازاڕی ئازاد و دژی دەستتێوەردانی دەوڵەت بوون لە کاروباری ئابووری (بەشیرییە، 2013: 220-223).

شوناس بەرئەنجامی جیاوازی و تێکگیرانی خودی نێوخۆی ڕاستەقینەی مرۆڤ و جیهانی دەرەوەیەتی.

تیمۆس (Thymos) وشەیەکی یۆنانییە و لەو زمانەشدا بۆ چالاکی دەروونی و هەناسەدانەوە بەکارهێنراوە، دواتر هەر زانا و فەیلەسوفێک بە واتای جیاواز و تایبەت بەکاریان هێناوە وەکو: گیان (روح)، توڕەیی، شانازیکردن و ئارەزووی دانپێدانان بەکاریان هێناوە (Cairns, 2019 : 2). کەواتە لە دیدی فۆکۆیامادا ڕەگی شوناس لە تیمۆسەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەو بەشەی گیانە، کە تیایدا داوای دانپێدانان بە شکۆمەندی مرۆڤ دەکات. فۆکۆیاما پێی وایە کە مرۆڤە بەشێوەیەکی سروشتی حەز دەکات ڕێزی لێ بگیرێت و دانی پێ دابنرێت، کە بێگومان ئەمەش کاریگەری لەسەر دروستکردنی شوناس لە لای تاک هەیە. تیمۆس لە دیدی فۆکۆیاماوە ئەو حەزەیە کە مرۆڤ دەیەوێت لەو ڕێگەیەوە شوناسی خۆی دروست بکات، دەبێتە سەرچاوەی دروستکردنی شوناس.

فۆکۆیاما بۆچوونی وایە، کە چەند سەد ساڵێکە لەو کۆمەڵگایانەی کە بە مۆدێرن بوون، تێگەیشتنی مۆدێرن بۆ شوناس سەری هەڵداوە، کە لە ئەوروپاوە دەستی پێکردووە، بەڵام بە خێرای بە جیهاندا بڵاو بوویەوە (فۆکۆیاما، 2019: 51) فۆکۆیاما بیرۆکەی شوناس لە ڕۆژئاوا بۆ سەردەمی بزوتنەوەی چاکسازی پرۆتستانت دەگەڕێنێتەوە، پێی وایە بۆ یەکەم جار لە لایەن قەشەی کڵێسەی ئۆگۆستی بە ناوی مارتن لوتەر (Martin Luther) بەکارهێنراوە، چونکە ئەو قەشەیە لەگەڵ هەستی نێوخۆی خۆی لە کێشەدا بووە. مارتن لوتەر وای بۆچووە، کە کڵێسە تەنها گرنگی بە دیوی دەرەوەی مرۆڤ دەدات، بەتایبەتی نۆرمەکانی خواپەرستی، بۆیە فۆکۆیاما مارتن لوتەر بە یەکەمین بیرمەندی ڕۆژئاوای دەزانێت، کە توانی بە وردی هەستی نێوخۆی مرۆڤ و جیهانی دەرەوە دەست نیشان بکات، ئەمەش دواتر بووە بنەمای ئاینزای پرۆتستانت کە ئیمان تاکە شتێکە کە گرنگ بێت نەک نۆرمەکانی خواپەرستی و پەرستشەکان (فۆکۆیاما، 2019: 52-53).

فۆکۆیاما دوای مارتن لۆتەر، ئاماژە بە ڕۆڵی گەورەی فەیلەسوفی فەرەنسی ژان ژاک ڕۆسۆ دەدات، کە گێڕاویەتی سەبارەت بە بابەتی شوناس، چونکە ڕۆسۆ هەستی نێوخۆی مرۆڤی بە عەلمانی کردووە، کە تیایدا ئاماژەی بەوە داوە کە هەستی ناوخۆ گرنگترە لەو داب و نەریتانەی لە ناو کۆمەڵگەدا هەن، بابەتی هەستی نێوخۆی مرۆڤی لە دەسەڵاتی پیاوانی ئاینیی دورخستووەتەوە، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ سەرهەڵدانی بیرۆکەی شوناسی هاوچەرخ (فۆکۆیاما، 2019: 62). بەستنەوەی بابەتی شوناس لە تێڕوانینی فۆکۆیاماوە بە بزوتنەوەی چاکسازی ئاینی مەسیحی خۆی لە خۆیدا بەرگری کردنە لەو ئاینزای پرۆتستانتی. تیۆری شوناسی فۆکۆیاما جەخت لەسەر مافی تاک دەکاتەوە لە دەست نیشانکردنی شوناسەکەی و هەڵبژاردنی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی (Fukuyama, 2006b: 12-13).

فۆکۆیاما لە پەرتووکی کۆتایی مێژوودا ئاماژەی بەوە داوە، کە مرۆڤ جیاوازە لە ئاژەڵ، چونکە مرۆڤ ئارەزووی هەیە و دەیەوێت دانی پێدابنێریت، وەکو بوونەوەرێکی مرۆیی کە توانا و لێهاتووی دیاریکراوی هەیە و شکۆمەندی دیاریکراوی هەیە. فۆکۆیاما باسی لەوە کردووە، کە ئەفلاتون لە کۆماردا ئاماژەی بەوە داوە، کە مرۆڤ لە (3) سێ بەش پێک دێت. ئارەزوو (Desiring)، عەقڵ (Reasoning) و تیمۆس (Thymos). ئارەزوو بە دوای شتەکاندا دەگەڕێت و عەقڵیش دەیەوێت بە باشترین شێوە ئەو شتانەی دەست بکەوێت، تیمۆسیش دەیەوێت دان بە شکۆمەندیدا بنێرێت، تاکو مرۆڤ هەست بە بەهای خۆی بکات (فوکویاما، 1993: 27). لە تێڕوانینی هیگڵ مرۆڤ دەیەوێت وەکو مرۆڤ دانی پێدابنرێت، کە ئەمەش شوناسی مرۆڤی بە مرۆڤ دەبەخشێت، کە ئەم ویستەش مرۆڤ لە بونەوەرەکانی دیکە جیا دەکاتەوە (فوکویاما، 1993: 154).

جێگەی ئاماژەیە فۆکۆیاما بۆ تێگەیشتن لە هیگڵ لە هەردوو بابەتی کۆتایی مێژوو و تیمۆس، پشتی بە ڕوون کردنەوەکانی فەیلەسوفی فەرەنسی بە ڕەگەز ڕووسی ئەلێکسەندەر کۆجێڤ (1902-1986) بەستووە (فوکویاما، 1993: 152-153). لە تێڕوانینی فۆکۆیاما تیمۆس بریتییە لە حەز و ئارەزووی دانپێدانان بە شکۆ، کە لە ناو ڕوحی مرۆڤدا هەیە، ئەم حەزەش تەنها لە مرۆڤدا هەیە، بەمەش مرۆڤ لە ئاژەڵەکان جیا دەبێتەوە.

فۆکۆیاما جگە لە ئاماژەدان بە ئارەزووی دانپێدانان بە شکۆی مرۆڤ (تیمۆس)، باس لە دوو چەمکی دیکەش دەکات ئەوانیش مێگالۆتیمیا ( (Megalothymia) و ئایسۆتیمیا (Isothymia)یە. مێگالۆتیمیا بە مانای داوای دانپێدانان بە

لەسەررووتری یاخود بەرزتری کەسێک یان نەتەوەیەک یان گروپێک یان چینێک وەکو دانپێدانان بە لە سەررووتری خانەدانەکان (ئەرستۆکراتەکان-Aristocrat) و خێزانی پادشایەتی (فۆکۆیاما، 2019: 10-11). ئایسۆتیمیا واتای دانپێدانان بە یەکسانی بە هەموو کەسێک (منتاق، 2019: 251). لە دیدی فۆکۆیاما هۆکاری سەرکەوتنی دیموکراسی لە کۆمەڵگا خۆرئاواییەکاندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئایسۆتیمیا بەسەر مێگالۆتیمیادا سەرکەوتووە، بەمەش بەشێوەیەکی یەکسان و هاوشێوە دان بە شکۆی مرۆڤەکاندا نراوە (Kochi, 2021: 159). فۆکۆیاما بەشێوەیەکی گشتی لە باسکردنی بابەتی شوناس پشتی بە ئەدەبیاتی فەلسەفی یۆنانی بەستووە.

فۆکۆیاما ئارەزوو و حەزی دانپێدانان بە شکۆی مرۆڤ، چ وەکو تاک یاخود وەکو ئەندام لە گروپێکی ئاینی یان ڕەچەڵەکی یان ڕەگەزی یان هەر گروپێکی دیکە، بە سروشتی مرۆڤ دەبەستێتەوە (فوکویاما، 2006: 188). لە دیدیی فۆکۆیامادا سەرچاوەی شکۆمەندی دوو شتن (فوکویاما، 2006: 189-190):

1. ئاین بەتایبەتیی جولەکە، مەسیحی و ئیسلام کە ڕێزیان لە مرۆڤ گرتووە و شکۆمەندییان پێ بەخشیووە.

2. ئەو شکۆمەندییە کە بناغەیەکی دونیایی هەیە، کە بنەمای ئەخلاقی لەخۆ دەگرێت بە جۆرێک پێگەی ئەخلاقی بەگشتی و شکۆمەندی بەتایبەتی بۆ مرۆڤ داناوە.

فۆکۆیاما بەرگری لە کۆمەڵگەی لیبرالیزم دەکات، کە ڕێز لە شکۆمەندی مرۆڤ دەگرێت و پێی وایە کە یەکێک لە پاساوەکانی دروستکردنی کۆمەڵگەی لیبرال بریتییە لە پاساوی ئەخلاقی، چونکە لە کۆمەڵگەی لیبرالی شکۆمەندی مرۆڤ دەپارێزرێت و مافی یەکسان دەداتە مرۆڤەکان لە خۆبەڕێوەبردن، کە بتوانێت ئەو بژاردەیە هەڵبژێرێت، کە دەیەوێت، وەکو ئەوەی کە دەیەوێت لەگەڵ کێ هاوسەرگیری بکات یان لە کوێ بژی یان...هتد. جیا لەوە کۆمەڵگەی لیبرالی ئازادی تێدایە، کە ئەو ئازادییە شکۆی داوەتە مرۆڤەکان بە بێ جیاوازی زیرەکی و شێوە و ڕەنگ (Fukuyama, 2022: 8). ئەم بۆچوونەی فۆکۆیاما لە جێگەی خۆیدا نییە، چونکە خودی تیۆرەکەی لە بارەی شوناسەوە بەرئەنجامی کەم وکورتییەکانی کۆمەڵگەی لیبرالی ئەمریکییە سەبارەت بە شوناس. جیا لەوەش جیاوازی کۆمەڵایەتی بە ڕوونی لە کۆمەڵگە لیبرالییەکان دیارە و هەستی پێ دەکرێت. تیۆری زۆر لە بواری نایەکسانی و نادادپەروەری لەو کۆمەڵگایانەدا خراوەتە ڕوو، کە هەندێکیان باس لە پەیوەندی نێوان شوناس و نەبوونی دادپەروەری دەکەن.

فۆکۆیاما ئارگومێنتێکی مێژووی بۆ ئەوە دەهێنێتەوە، کە بناغەی پاراستنی شکۆی مرۆڤ لە ناو لیبرالیزم بۆ ئەوروپا و بۆ سەردەمی شۆڕشی فەرەنسا (1789) دەگەڕێتەوە، کە ئەو پاراستنی شکۆیە لە ناو دەستووردا نووسرایەوە، پاشان لە ناو دەستەواژەکانی دەروازەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆی ئەمریکا (1776) ئاماژەی پێ دراوە (Fukuyama, 2022: 9). ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییەیەی کە فۆکۆیاما تێڕوانینی بۆ شوناس لە چوارچێوەی لە لیبرالیزم دایە.

فۆکۆیاما ڕاڤەی شوناسی هاوچەرخی کردووە، کە (3) سێ دیاردە لەخۆ دەگرێت، کە ئەمانەن (فۆکۆیاما، 2019: 67):

1. تیمۆس کە شتێکی جیهانییە و کەسایەتی هەموو مرۆڤێک پێویستی بەوە هەیە لە کۆمەڵگەوە دان بە شکۆمەندیەکەیدا بنرێت.

2. جیاوازیکردنە لە نێوان ئەوەی هەستی ناوخۆی مرۆڤە و ئەوەی کۆمەڵگەی دەرەوەیە، لە هەمان کاتیشدا بەهادانان بۆ هەستی ناوەوەی مرۆڤ زیاتر لە کۆمەڵگەی دەرەوە.

3. شکۆ، کە شکۆ و ڕێزلێنان تایبەت نین بە چینێکی سنوورداری دیاریکراو، بەڵکو پێویستە هەموو کەسێک دان بە شکۆیدا بنرێت.

## 2.3 تێڕوانینی فۆکۆیاما بۆ شوناسی نەتەوەیی:

پێش ئەوەی باسی شوناسی نەتەوەیی لە دیدی فۆکۆیاما بکەین، بە پێویستی دەزانین ئاماژە بەوە بدەین، کە لە پەرتووک و وتارەکانی فۆکۆیاما چەمکی شوناسی نەتەوەیی (National Identity) بەکارهاتووە، بەڵام لە کاتی وەرگێڕانی پەرتووک و وتارەکانی ناوبراو بۆ سەر زمانی عەرەبی بە (الهوية الوطنية) بە عەرەبی کراوە نەک (الهوية القومية)، هەرچەندە ئەمەش تا ڕادەیەک دروستە، بەڵام ڕاستترە کە شوناسی نیشتمانی بەرانبەر (Patriotic Identity) بەکاربهێنرێت، چونکە شوناسی نیشتمانی پەیوەستە بە خاک و هاوڵاتیبوونەوە. فۆکۆیاما باسی (Patriotic Identity)

نەکردووە و ئەو چەمکەشی بەکارنەهێناوە.

شوناسی نەتەوەیی (الهوية القومية-National Identity) وەکو چوارچێوەیەکی گشتی و گەورەتر بۆ بونیاتنانی نەتەوە، لای فۆکۆیاما بایەخی پێ دراوە. فۆکۆیاما هەر لە چوارچێوەی شوناسدا باسی لێوە کردووە، بەتایبەتی کە ئەو جۆرە شوناسە بە بونیاتنانی نەتەوە هەژمار دەکات، کە هەست و بڕوایەکی هاوبەش دروست دەکات و لە شێوەی تەونێک هەموو هاوولاتیان پێکەوە دەبەستێتەوە. فۆکۆیاما جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە هەستکردن بە شوناسی نەتەوەیی کرۆکی بونیاتنانی نەتەوەیە، کە تیایدا شوناسی نەتەوەیی بەرزترە لە شوناسە لاوەکییەکانی دیکەی وەکو خێڵ، خزمایەتی و ناوچەگەرێتی. شوناسی نەتەوەیی مێژوو و رۆشنبیری هاوبەش دروست دەکات (فوکویاما، 2016: 243-244).

فۆکۆیاما سەرنجی ئەوەی داوە کە شوناسی نەتەوەیی بڕوایەکی هاوبەشە بە ڕەوایەتی سیاسەتی سیستمی وڵات جا دیموکراسی بێت یاخود نا، هەروەها دەکرێت شوناسی نەتەوەیی لە یاساکان و دامەزراوە فەرمییەکاندا بەرجەستە بکرێت وەکو زمانی فەرمی و پەروەردە تاوەکو بواری کولتووری و بەهاکان و بیرەوەری و مێژووی هاوبەش دەگرێتەوە (Fukuyama, 2018b: 8). کەواتە لە دیدی فۆکۆیاما دەکرێت وڵاتێکی دیموکراسی یاخود وڵاتی نادیموکراسی، خاوەن شوناسی نەتەوەیی بن، ئەمەش لە هەستکردنی هاوولاتیان بە هاوولاتیبوون و یەکڕیزی کۆمەڵگە ڕەنگ دەداتەوە.

فۆکۆیاما ئاماژە بەوە دەدات، کە شوناسی نەتەوەیی دەکرێت لە ڕێگەی بەها سیاسییەکانی لیبرالی و دیموکراسی و ئەزموونی هاوبەش بونیات بنرێت، کە تیایدا ڕایەڵەیەکی پێکەوە گرێدراو دروست دەکەن، کە ڕێگە دەدات کۆمەڵگە فرەکان بگەشێنەوە وەکو کەنەدا، فەڕەنسا، هیندستان و ئەمریکا کە نموونەی ئەو وڵاتانەن کە شوناسی نەتەوەییان لەسەر ئەو بناغە و بڕوایە بونیات ناوە (Fukuyama, 2018b: 9). جیا لەوەش دەوڵەت لە ڕێگەی پشت بەستن بە هێزی دەوڵەت و دامەزراوەکانی و لە ڕێگەی فێرکردن و پەروەردە و پێکەوەبەستنی پێکهێنەرە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، دەتوانێت شوناسی نەتەوەیی بپارێزێت، ئەگەرنا شوناسی لاوەکی سەرهەڵ دەدات، دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی دەوڵەت (الجسمی، 2022: 237). فۆکۆیاما لەم بۆچوونەدا باس لە گرنگی پەروەردە دەکات لە دروستکردنی شوناسی نەتەوەیی و پەیوەندی ئەو دوو بابەتە پێکەوە دەبەستێتەوە و نیشان دەدات، بۆیە دەکرێت لە ڕێگەی ناوەند و بەرنامە و پرۆگرامەکانی پەروەردە و فێرکردنەوە، شوناسێکی یەکگرتوو نەتەوەیی دروست بکرێت.

فۆکۆیاما بۆ باس کردنی شوناسی نەتەوەیی پشتی بە تێڕوانینەکانی زانای سیاسی و کۆمەڵناسی گەورەی ئەمریکی سێیمۆر مارتین لیپسێت (Seymour Martin Lipset)، بەستووە کە پێی وایە شوناسی بەهێزی ئەمریکی لەسەر بڕوایەکی سیاسی بونیات نراوە کە جەخت لەسەر بەهاکانی (تاکگەرایی، یەکسانی، ئازادی، پۆپۆلیزم و ئازادی ئابووری) بەستووە، ئەم بەهایانەش پەیوەستن بە دەستووری ئەمریکا و بنەماکانی ئازادی و یەکسانی ( Fukuyama, 2006a: 6-7). سێیمۆر مارتین لیپسێت لە پەرتووکی یەکەمین نەتەوەی نوێ: ویلایەتە یەکگرتووەکان لە تێڕوانینێکی مێژوویی و بەراوردکاری ( The First New Nation: The United States In Historical And Comparative Perspective) کە لە ساڵی 1963 بڵاوی کردووەتەوە و نیوەی بەشی یەکەمی پەرتووکەکەی بۆ دروستکردنی شوناسی نەتەوەیی ئەمریکی تەرخان کردووە کە تیایدا باس لە گرنگی بەهاکانی ناو دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات لە جێگیرکردنی شوناسی نەتەوەیی و پێی وایە کە جگە لە دەستووری ئەمریکا، سەرکردەکانی ئەو کاتی ئەو وڵاتە و ڕۆشنبیرانیش ڕۆڵیان لە دروستکردنی شوناسی ئەمریکی هەبووە (Lipset, 1963: 61-98).

فۆکۆیاما ئەو (5) بنەمایی ڕوون و شی کردووەتەوە، کە سێیمۆر مارتین لیپسێت باسی کردوون، کە دواتر ئەو بنەمایانە بوونەتە بڕوایەکی سیاسی لای هاوولاتیانی ئەمریکی. فۆکۆیاما تاکگەرایی بە مانای ئەوەی لێک داوەتەوە، کە تاکەکان دەتوانن خۆیان ڕەوشی کۆمەڵایەتی خۆیان دەست نیشان بکەن، یەکسانی بە واتای ئەوەیە کە یەکسانی لە هەلی کار بێت نەک ئەنجامەکان، ئازادی بە دەستتێوەرنەدانی حکومی دەست نیشان کردووە. پۆپۆلیزم بە واتای خەڵکگەرایی یان جەماوەرچێتی واتاکەی خستووەتە ڕوو. ئازادی ئابووریی بە سیاسەتی دەستتێوەرنەدان لە کاروباری ئابووری گوزارشتی کردووە. لە لایەکی دیکەوە فۆکۆیاما جگە لەو (5) بنەمایەی سەرەوە، جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە شوناسی ئەمریکی لە کولتوورێکی ئەنگلۆ-پرۆتستانتییەوە سەری هەڵداوە و بەردەوام بووە ( Fukuyama, 2006b:

.(12–13

فۆکۆیاما ئەوە دەخاتە پێش چاو، کە شوناسی نەتەوەیی بە (4) چوار شێوازی سەرەکی هاتووەتە کایەوە، کە دەکرێت هەندێکیان شێوەی ئاشتیانە بەکاربهێنرێن یاخود شەڕ و توندوتیژی بگیرێتە بەر بۆ دروستکردنی، ئەو ڕێیانەش ئەمانەن (فۆکۆیاما، 2019: 210–207):

1. گواستنەوەی خەڵک و تێپەڕاندنی سنووری سیاسی لە وڵاتێکی دیاریکراودا یان ناردنی خەڵک بۆ ناوچەیەکی تری نوێ بۆ نیشتەجێبوون یاخود ناچارکردنی خەڵک بە بەجێهێشتنی ناوچەیەک، یان کۆمەڵکوژی یاخود بە هەر سێ ڕێگاکەی پێشوو بە یەکەوە. وەکو تاوانەکانی کۆمەڵکوژی لە شەڕەکانی ناوچەی بەڵقان لە ساڵانی 1990 کە ناوی لێنراوە پاکتاوی ئێتنی.

2. سنوورگۆڕینی دەوڵەت بە شێوەیەک لەگەڵ سنووری زمان و کولتووری خەڵکەکەدا گونجاو بێت. لە نموونەی ئەو ڕێیەش وەکو یەکگرتنی نێوان ئەڵمانیا و ئیتاڵیا لە ساڵانی 1860–1870 یاخود جیابوونەوەی ئێرلەندا لە بەریتانیا لە ساڵی 1919، یاخود سەربەخۆی ئۆکرانیا لە ساڵی 1991 لە یەکێتیی سۆڤیەت.

3. تواندنەوەی پێکهاتەی کەمینە لە ناو کولتووری گروپێکی ڕەچەڵەکی یان زمانێکی تردا، وەکو ئەوەی فەرەنسا پێش دوو سەد ساڵ ئەنجامی داوە، کە لەو وڵاتەدا زمانی زۆر هەبوو، بەڵام بەرە بەرە ئەو زمانە لۆکاڵیان لەناو زمانی فەرەنسای پاریسی توێنراونەتەوە، یان ئەوەی وڵاتی چین ئەنجامی داوە، کە پێکهاتەکانی لە ماوەی سێ هەزار ساڵدا لە ناو یەک نەتەوەدا تواندووەتەوە، کە ئەویش نەتەوەی (هان)ە.

4. دووبارە پێکهێنانەوەی شوناسی نەتەوەیی بە شێوەیەک لەگەڵ کارەکتەری کۆمەڵگای مەبەست بگونجێت، بەپێچەوانەی تێڕوانینی زۆربەی نەتەوەییەکان (ناسیۆنالیستەکان)، کە شوناسی نەتەوەیی لەسەر بنەمای بایۆلۆژی نەبێت. بۆ نموونە دامەزرێنەرانی هیندستان لەسەر بنەمای بیرۆکەی هیندی، وڵاتیان دامەزراند، کە تیایدا باوەشی بۆ کۆمەڵگەیەکی جیاوازە و فرە بۆچوون کردەوە. یاخود وەکو ئەوەی زمانێکی نیشتمانی نوێ بهێنیە کایەوە لە پێناوی یەکگرتنی کۆمەڵگەدا وەکو ئیندۆنیزیا و تەنزانیا.

فۆکۆیاما ئاماژە بە دوو ئاڵنگاری دەکات، کە لەم کات و ساتەدا (ساڵی نووسینی پەرتووکەکەی کە 2018یە) لە بەردەم شوناسی نەتەوەیی دا هەن، ئەوانیش بریتین لە: یەکەمیان کۆچ و کۆچبەران (Fukuyama, 2018b: 11) و دووەمیان تێڕوانینی کۆزمۆپۆلیتەکانی جیهانییە. فۆکۆیاما ئاماژە بەوە دەدات، کە پارتە پۆپۆلیستەکانی یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکاش دژایەتی کۆچبەران دەکەن و خۆیان بە بەرگریکاری شوناسی نەریتی نەتەوەیی وڵاتەکەیان دەزانن، بۆیە ئەمە بووەتە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەی کە خەڵکی ڕاسترەو دەنگ بەو پارتانە بدات و پشتیوانیان بکات. هەرچی تێڕوانینی کۆزمۆپۆلیتەکانی جیهانییە پێیان وایە، کە بیرۆکەی شوناسی نەتەوەیی و سەروەری دەوڵەت دوو شتن، کە کاتیان بەسەرچووە و پێویستە شوناس سنووری وڵاتان تێپەڕێنێت (فۆکۆیاما، 2019: 204).

فۆکۆیاما بۆ چارەسەرکردنی ئەو دوو ئاڵنگارییە ئاماژە بەوە دەدات، کە باشتر وایە ڕێی سێیەم و چوارەمی هێنانەکایەوەی شوناسی نەتەوەیی پەیڕەو بکرێت، بەو مەرجەی هزری لیبرال دیموکراسی پارێزگاری لێ بکرێت. ئەمەش واتای ئەوەی کە پێکهاتەکان لە ناو پێکهاتەیەکی گەورەدا بتوێنرێتەوە و یەک زمانی یەکگرتوو هەبێت، پاشان دووبارە شوناسی نەتەوەیی پێک بهێنرێتەوە، کە هەموو لایەنێک لەخۆ بگرێت و ببێتە بنەمای یەکگرتووی کۆمەڵگە و وڵات (فۆکۆیاما، 2019: 211).

فۆکۆیاما ئاماژە بە بایەخی شوناسی نەتەوەیی دەدات، کە زۆر گرنگە. جەخت لەوە دەکاتەوە، کە هەستکردن بە شوناسی نەتەوەیی پێویستیەکە بۆ پاراستنی سیستمی نوێ و سەرکەوتوی سیاسی، لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە (فۆکۆیاما، 2019، 193–196):

1. ئاسایش دەستەبەر دەکات و ڕێگری لە توندوتیژی دەکات، چونکە ئەگەر شوناسی نەتەوەیی نەبێت، ئەوا دەبێتە هۆی داڕووخانی دەوڵەت و شەڕی ناوخۆیی دروست دەبێت، وەکو لە سوریا و لیبیا.

2. شوناسی نەتەوەیی بۆ جۆرایەتی حکومەت گرنگە. حکومەتی باش خزمەتگوزاری گشتی چالاک پێشکەش دەکات و

گەندەڵی تیایدا کەمە، چونکە بەرپرسەکانی بەرژەوەندی گشتی دەخەنە پێش بەرژەوەندی کەسی.

3. ئاسانکارییە بۆ گەشەپێدانی ئابووری، چونکە ئەگەر هاووڵاتیان هەستیان بە شانازیکردن بە وڵاتەکەیانەوە نەبێت، ئەوا کار بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە ناکەن. شوناسی بەهێزی نەتەوەیی ژاپۆن، کۆریای باشوور و چین وای کردووە کە جەخت زیاتر لەسەر گەشەپێدانی ئابووری لە وڵات و پێشخستنی ئابووری وڵاتەکانیان بێت.

4. فراوانکردنی بازنەی متمانە بەتایبەتی لە ئاڵوگۆڕی ئابووری و بەشداری سیاسی. متمانە لە دیدی فۆکۆیاما لەسەر ئەوە بنیات دەنرێت کە پێی دەڵێن سەرمایەی کۆمەڵایەتی (Social Capital)، کە بە مانای توانای هاوکاریکردنی لەگەڵ خەڵکانی تر لەسەر بنەمای بەهای هاوبەش و هەڵسەوکەوتی نافەرمیدا دێت.

5. شوناسی نەتەوەیی هانی دەوڵەتان دەدات بۆ پاراستنی تۆڕی سەلامەتی کۆمەڵایەتی، کە ئەمەش نایەکسانی ئابووری کەم دەکاتەوە، بە جۆرێک کە هاووڵاتیان هەستیان کرد، کە لە ناو یەک کۆمەڵگەدان، متمانە بە یەکتر دەکەن، ئەوا ئامادەن یارمەتی یەکتری بدەن بەتایبەتی کەم دەرامەتەکان.

6. شوناسی نەتەوەیی ڕەوایەتی گرێبەستی نێوان هاووڵاتیان وحکومەت بونیات دەنێت، کە تیایدا هاوڵاتیان واز لە هەندێک لە مافەکانیان دەهێنن، لە بەرانبەر ئەوەی حکومەت بیانپارێزێت. ئەم گرێبەستە لە لیبرال دیموکراسیدا شاراوە (Implicit)ە.

ئەو شوناسە نەتەوەییەی فۆکۆیاما باسی لێوە دەکات لە چوارچێوە و لەسەر بنەماکانی لیبرالیزم دروست دەبێت، کە تیایدا ئاسایش دەستەبەر دەکات، جۆرایەتی حکومەت باشتر دەکات، کۆمەڵگەی لە شێوەی تۆڕێک پێکەوە گرێدەدات لە بڕوایەکی هاوبەشە، بەڵام ئەگەر ئەم بڕوا هاوبەشە بوونی نەبێت، ئەوا دەرئەنجامی نەرێنی دەبێت و کۆمەڵگە و دەوڵەت بەرەو ڕووخان و لەناوچوون دەبێتەوە.

### 3.3 سیاسەتەکانی شوناس و فرەکولتووری:

سیاسەتەکانی شوناس (Identity politics)، و فرەکولتووری (Multiculturalism) دوو بابەت جیاوازن و هەر یەکێکیشیان لە بەستێنێکی دیاریکراوە پەیدابوون. سیاسەتەکانی شوناس جەخت لەسەر دانپێدانان بە شوناسی ئەو گروپانە دەکاتەوە، کە پشتگوێ خراون و هەست بە ستەملێکردن دەکەن، بە جۆرێک کە دەوڵەت دەیەوێت ئەو ستەمە لەسەر ئەو گروپانە نەمێنێت، بۆیە ئەو بەرنامە و پلانەی کە دەوڵەت بۆ لادانی ئەو ستەمە پەیڕەوی دەکات، پێی دەڵێن سیاسەتەکانی شوناس. لە بەرانبەردا فرە کولتووری دانپێدانانە بە گروپێک کە کولتوورێکی جیاوازی هەیە. هەردوو دیاردە لە سەدەی بیستەم دەرکەوتوون، بەڵام فرەکولتووری لە پێش سیاسەتەکانی شوناسەوە سەری هەڵداوە و دەمێکە بە شێوە و جۆری جیاواز پیادە دەکرێت (مجید، 2010: 136). سیاسەتەکانی شوناس لە دیدگای فۆکۆیاما هەوڵی ئەو گروپانەیە کە پشت گوێخراون بۆ ئەوەی دانیان پێدابنرێت (Assmann, 2021: 7).

سیاسەتەکانی شوناس زیاتر جەخت لە بوونی تایبەتمەندییەکی دیاریکراوی لە گروپێکدا دەکاتەوە، کە ئەو گروپە دەیانەوێت دانیان پێدابنرێت و دادپەروەری پەیڕەو بکرێت، ئەو ستەمەی لەسەریان کە پشت گوێخراون لەسەریان لابچێت. هەرچی فرەکولتووریە جەخت لەسەر قبوڵکردنی فرەیی کولتووری دەکاتەوە، کە لە ناو کۆمەڵگە هەیە بۆ ئەوەی بتوانن پێکەوەژیانی ئاشتیانە هەبێت و ڕێز لە سەرجەم کولتوورەکان بگیرێت.

فۆکۆیاما باس لەوە دەکات کە سیاسەتەکانی شوناس لە ئەمریکا لە لای چەپ (مەبەستی پارتی دیموکراتەکان) لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە دەستی پێ کرد، کاتێک کە گروپە پەراوێزخراوەکانی وەکو ئەفریقییەکان، ئافرەتان و هاورەگەزخوازەکان، داوایان کرد، کە بە یەکسانی دانیان پێدابنێرێت و هەر لەو ساڵانەشدا ژمارەیەک چالاکی لەو چوارچێوەیەدا بەڕێوەچوون (Fukuyama, 2022: 65-66). دواتر ئەم سیاسەتەی کە لای چەپ پەیڕەویان کرد، بووەتە هۆی ئەوەی، کە ڕاستەکانیش ئەم داواکارییە چالاک بکەن و جەخت لەسەر شوناسی نوێ بکەنەوە (نەجار، 2021: 42). کەواتە پشتیوانیکردنی ڕاستەکان لە سیاسەتەکانی شوناس بەرچەکردارێک بووە بەرانبەر ئەوەی کە لای چەپ کاریان لەسەر کردووە.

فۆکۆیاما ڕەخنە لەو سیاسەتە شوناسە دەگرێت، کە لای چەپی ئەمریکاوە پەیڕەوی دەکرێت، پێی وایە کە هەڕەشەیە لەسەر ئازادی ڕادەبڕین و گوتاری عەقڵانی، چونکە لە سیاسەتی شوناسدا گرنگی بە گروپە بچووکەکان دەدرێت و هەڕەشە لە گروپە گەورەکان دەکات، لە هەمان کاتدا ئەو سیاسەتە شوناسەی کە ڕاست (مەبەستی پارتی کۆماری ئەمریکایە) پەیڕەوی دەکات مەترسیدارترە، چونکە پێیان وایە، کە شکۆیان کەم کراوەتەوە و پشتگوێ خراون، بۆیە دەبێت بەرگری لە شوناسی نەتەوەیی بکەن (Fukuyama, 2018a: 100-102).
فۆکۆیاما ئەوە دەخاتە ڕوو کە گروپەکان، بۆیە بەرگری لە سیاسەتەکانی شوناس دەکەن و داوا دەکەن کە دانیان پێدابنرێت، چونکە پێیان وایە، کە وەکو پێویست و لە چوارچێوەی گشتیدا، دان بە شوناسەکەیاندا نەنراوە، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر کۆمەڵگەی لیبرال دیموکراسی دەبێت، چونکە کە ئەو گروپانە داوای دانپێدانان دەکەن، لە ئەنجامدا پەرچەکردار دروست دەبێت، کە گروپی دیکە پێیان وایە کە پێگەیان لەدەست داوە، بەم جۆرە کۆمەڵگەی دیموکراسی بەسەر ژمارەیەک شوناسی کولتووری توێژدا دابەش دەبێت و لە ئەنجامدا داڕووخانی دەوڵەتی بەدوادا دێت (Fukuyama, 2018a : 92-93). سەبارەت بە فرەکولتووریش، فۆکۆیاما بەشێوەیەکی پوخت پێناسەی فرەکولتووری دەکات،، کە بریتییە لە کۆمەڵگەیەکی فرە کە خەڵک تیایدا دەژین کە لە پاشخانی کولتووری جیاوازەوە هاتوون (Fukuyama, 2022: 79). فۆکۆیاما وڵاتی کەنەدا بە یەکەمین وڵات دادەنێت کە تیایدا فرەکولتووری تێکەڵاوی سیستمی دیموکراسی نوێ کرد، ئەمەش بە هۆی ئەوەی کە نەتەوەخوازەکانی کیوبیک (Quebec) لە کەنەدا داوای دانپێدانیان کردووە بە جیاوازی کولتوور و زمانەکەیان کە فەرەنسییە (Fukuyama, 2006a: 3). کەواتە فرە کولتووری لە کۆمەڵگەیەکی لیبرال دیموکراسییەوە سەرچاوەی گرتووە و بڵاو بووەتەوە.
فۆکۆیاما باس لەوە دەکات کە چەمکی فرەکولتووری لە بنچینەدا ئاماژەیە بۆ جۆرایەتی کۆمەڵگە فرەییەکان، بەڵام ئەم بابەتە کراوەتە بەرنامەیەکی سیاسی کە بەها بۆ کولتوورە جیاوازەکان دادەنێت و بە یەکسانی دەژین، هەروەها پێی وایە، کە ئەم جۆرە فرە کولتوورییە لە سەرەتادا پەیوەست بووە بە کۆمەڵێک گروپی گەورەی کولتووری وەکو فەرەنسی-زمانەکانی کەنەدا، کۆچبەرە مسوڵمانەکان، و ئەمریکییە بە ڕەچەڵەک ئەفریقییەکان، بەڵام تێڕوانی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی خێرا گۆڕدرا بۆ گروپەکان، گروپە بچوکەکانیش هاتوونەتە ناو ئەم بابەتە. جیا لەوەش فۆکۆیاما جەخت لەوە دەکاتەوە، کە لای چەپی ئەمریکا (پارتی دیموکراتەکان) دەستیان بە پەیڕەوکردنی بابەتی فرەکولتووری کردووە، بۆیە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا گرنگیان بە گروپە بچووکەکان داوە (Fukuyama, 2018a : 98-99). لە تێڕوانینی فۆکۆیاما چەمک و چوارچێوەی فرەکولتووری لە ڕێڕەوی ڕاستی خۆی لایداوە و لە ئێستادا بووەتە یەکێک لە میکانیزمەکانی لای چەپ بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە فرەکان، ئەمەش کاریگەری خراپی لێ دەکەوێتەوە.
بۆ خستنە ڕووی کاریگەری خراپی فرەکولتووری لەسەر لیبرال دیموکراسی، فۆکۆیاما ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە فرەکولتووری لە بواری تایبەتدا پیادە دەکرێت، کە نابێت ئەو پیادەکردنە ببێتە هۆی پێشێلکردنی مافەکانی تاک و ئاڵنگاری بۆ سیستمی بنەڕەتی کۆمەڵایەتی لیبرالیزم، بەڵام کە فرەکولتووری هاتە ناو پانتای گشتی وەکو سیاستەکانی زمان لە کیوبیک، ئەوا لادانە لە بنەماکانی لیبرالیزم کە کۆمەڵگەی باڵادەست کۆتاییدا دەبێتە سەرچاوەی بێزاربوون (Fukuyama, 2006b: 15). فۆکۆیاما لێرەش پارێزگاری لە بنەمای تاکایەتی دەکاتەوە، کە دەبێت ڕەچاوی خواستی مافەکانی تاک بکرێت.
فۆکۆیاما ئەوە ناشارێتەوە کە کۆمەڵگە خۆرئاواییەکان بە سروشتی خۆیان فرە و هەمەچەشنن، بۆیە ئەو دەوڵەتانەی کە پەیڕەوی فرە کولتووری دەکەن، ئەزمونێکی زیندووی پێکەوەژیانی نێوان هاووڵاتیان نییە، جیا لەوەش پەیڕەوکردنی فرەکولتووری دەبێتە هۆی ئەوەی جیاوازی لە نێوان گروپەکاندا دروست بێت و هەندێک جاریش بەرژەوەندییەکانیان دژی یەکتری دەوەستێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ڕقلێبوونەوە و نیگەرانی (Paďour, 2020: 337). ئەم تێڕوانینەی فۆکۆیاما لە ئەرزی واقیعدا بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێت و دەزانرێت، چونکە گروپەکان بەردەوام هەوڵی بەدەست هێنانی زیاتری مافەکانیان دەدەن، بێگومان ئەمەش ململانێ دروست دەکات.

### دەرئەنجام:

1. یەکەمین جار چەمکی شوناس لە ناو دەق و وتویژە فەلسەفیەکاندا باس کراوە و دواتر چووەتە ناو زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە. شوناس لە زانستە سیاسییەکاندا پەیوەستە بە چەمکەکانی تاک و گروپ.
2. تیۆری شوناسی فۆکۆیاما لە چوارچێوەی هزری لیبرالیزمدایە، کە تیایدا لە کۆمەڵگەیەکی لیبرال دیموکراسیدا شوناس لەسەر بنەمای تاک بونیات دەنرێت و ڕێزی لە هەستی نێوخۆی مرۆڤ دەگیرێت.
3. فۆکۆیاما پێی وایە، شوناس لە ئەنجامی بەریەک کەوتنی دیوی خودی نێوخۆی ڕاستەقینەی مرۆڤ و دیوی جیهانی دەرەوە و کۆمەڵگە دروست بووە، کە دەبێت ڕێز لە دیوی خودی مرۆڤ بگیرێت، کە سەرچاوەی شکۆمەندی مرۆڤە. فۆکۆیاما بە تیمۆس گوزارشتی لێ کردووە، کە نابێت ئەو شکۆیە بە هۆی گۆڕانکارییەکانی زیندەزانییەکانەوە پێشێل بکرێت. لە کۆمەڵگەی لیبرال دیموکراسی شوناس لەسەر بنەماکانی لیبرالیزم دروست بووە و تاک چەقی شوناسە.
4. لە دیدی فۆکۆیاما شوناسی نەتەوەیی بڕوایەکی هاوبەشە کە کرۆکی بونیاتنانی نەتەوەیە و مەرج نییە تەنها لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا هەبێت، بەڵکو هەندێک وڵات کە دیموکراسیش نین، بەڵام خاوەن شوناسی نەتەوەیین. دەکرێت لە ڕێگەی بەها و بنەماکانی لیبرال دیموکراسی یاخود لە ڕێگەی پەروەردەوە شوناسێکی نەتەوەیی بەهێز دروست بکرێت، کە ئەو شوناسە بۆ تاک، کۆمەڵگە و دەوڵەت گرنگە.
5. فۆکۆیاما سیاسەتەکانی شوناس بە هەڕەشە لە قەڵەم دەدات و پێی وایە، کە کۆمەڵگە بەرەو پارچە پارچەکردن دەبات و دەوڵەت دادەڕوخێنێت.
6. فۆکۆیاما پێی وایە فرەکولتووری لە ئاراستەی دروستی خۆی لایداوە، ئێستا ئەوەندە گرنگی بە مافی گروپەکان دەدرێت کە مافەکانی تاک پێشێل دەکرێت، بۆیە فرەکولتووریش پەسن ناکات.
7. فۆکۆیاما بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ فرەکولتووری و سیاسەتەکانی شوناس هیچ جێگرەیەکی پێشنیاز نەکردووە و چارەسەری باس نەکردووە.

### سەرچاوەکان:

#### کوردی:

یەکەم: پەرتووک:

– بەشیرییە، د.حوسێن (2013)، مێژووی بیری سیاسیی سەدەی بیستەم، (بەرگی دووەم –لیبرالیزم و کۆنسەرڤاتیزم)، وەرگێرانی: ناسر ئیبراهیم زادە، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە : هەولێر.

– تاڵەبانی، دکتۆر نوری (2004)، فەرهەنگی قانونی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

– فۆکۆیاما، فرانسیس (2019)، ناسنامە: داواکارییەکانی شکۆ و سیاسەتی نیگەرانی، و:دڵشاد میرانی، کتێبی گۆڤاری گوڵان زنجیرەی ژمارە (16): کوردستان

– کەریم، ڕزگار (2010)، فەرهەنگی ژیر: عەرەبی–کوردی، زنجیرەی (52) لە پرۆژەی 100 کتێبی کوردی: سلێمانی.

– گوڵمحەمەدی، ئەحمەد (2007)، بەجیهانیبوون، کولتوور، شوناس، و:عولا بەهرامی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی: هەولێر.

– نەجاڕ، پ.د.شێرزاد (2021)، چۆن سیاسیانە بیر بکەینەوە، کتێبی گۆڤاری گوڵان زنجیرەی ژمارە (19): کوردستان.

– هەژار، (1369)، هەنبانە بۆرینە، فرهنگی کردی–فارسی، سروش: تاران.:

– دووەم: گۆڤاری زانستی:

– حمەامین، اکرم فریدون و هاوری سرکوت رشید (2021)، الهوية والبعد الثقافي للفضاءات الداخلية في المسكن الكوردي، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگ (25)، ژمارە (5) لاپەڕەکانی 149–137. https://doi.org/10.21271/zjhs.25.5.10 .

– شەرەفی، ئیدریس شێخ (2024)، ناسیۆنالیزمی شیعر: لە خودئاگایی نەتەوایەتییەوە بەرەو نێوانخودێتی سیاسی کوردی، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگ (28)، ژمارە (5)، لاپەڕەکانی 42–66. https://doi.org/10.21271/zjhs.28.5.3 .

- عەرەبی:

- الاول: كتب:

- 10. البوني، عفيف (2013)، في الهوية القومية العربية، في: رياض زكي قاسم، الهوية وقضاياها في الوعي العربي المعاصر، مركز دراسات الوحدة العربية: بيروت.

- 11. المحمداوي، د.علي عبود (محرر) (2015)، معجم الفلاسفة الامريكان: من البراجماتين الى ما بعد الحداثيين، دار الايمان–دار و مكتبة عدنان–منشورات الاختلاف–منشورات ضفاف: الرباط–بغداد–الجزائر–بيروت.

- 12. باريك، بيكو (2013)، سياسة جديدة للهوية: المبادى السياسية لعالم يتسم بالاعتماد المتبادل، المركز القومي للترجمة: القاهرة.

- 13. جيلالي، بوبكر (2016)، اللغة والهوية و العولمة: معركة المفاهيم، في: البشير ربوح، السؤال عن الهوية في التأسيس.. و النقد.. والمستقبل، كلمة للنشر والتوزيع– دار الامان– منشورات الاختلاف–مشورات ضفاف: تونس–الرباط–الجزائر و بيروت.

- 14. فوكوياما، فرانسيس (1993)، نهاية التاريخ و الانسان الآخير، ت: د.فؤاد شاهين، د.جميل قاسم و رضا الشايبي، مركز الانماء القومي: لبنان.

- 15. فوكوياما، فرانسيس (2006)، مستقبلنا بعد البشري: عواقب ثورة التقنية الحيوية، ت:ايهاب عبدالرحيم محمد، مركز الامارات للدراسات و البحوث الاستراتيجية: الامارات العربية المتحدة.

- 16. فوكوياما، فرانسيس (2016)، النظام السياسي والانحطاط السياسي: من الثورة الصناعية إلى عولمة الديمقراطية، ت: مجاب الإمام/معين الإمام، منتدى العلاقات العربية والدولية: الدوحة.

- 17. قاعود، يحيى سعيد (2014)، طروحات فوكوياما و هانتغتون و النظام العالمي الجديد: دراسة تحليلية مقارنة، مركز البيان للبحوث و الدراسات: الرياض/السعودية.

- 18. كوزين، بيتر (2010)، البحث عن الهوية: الهوية وتشتتها في حياة إيريك إيركسون وأعماله، ت: د.سامر جميل رضوان، دار الكتاب الجامعي: الامارات العربية المتحدة.

- 19. مجيد، الدكتور حسام الدين على (2010)، اشكالية التعددية الثقافية في الفكر السياسي المعاصر: جدلية الاندماج والتنوع، مركز دراسات الوحدة العربية: بيروت.

- 20. مفلح، احمد (2016)، في الهوية القومية العربية، في: رياض زكي قاسم، الهوية وقضاياها في الوعي العربي المعاصر، مركز دراسات الوحدة العربية: بيروت.

- 21. هيود، اندرو (2010)، مدخل الى الايديولوجيات السياسية، ت:محمد صفار، المركز القومي للترجمة: القاهرة.

- الثاني: المجلات العلمية:

- 22. الجسمي، عبدالله (2022)، مراجعة كتاب الهوية، مطلب الكرامة وسياسات الضغينة لفرانسيس فوكوياما، دورية تبين للدراسات الفكرية والثقافية، المجلد (11)، العدد (41)، الصفحات 233–239

- 23. بشارة، عزمي (2022)، تأملات في مسالة الهوية، دورية تبين للدراسات الفكرية والثقافية، المجلد (11)، العدد (41)، الصفحات 15–47.

- 24. عبدالرزاق، علاء (2024)، الهوية الرقمية ودورها في إثارة الازمات الاجتماعية في العراق بعد العام 2003، مجلة جامعة الدفاع، العدد 5، الصفحات 213–238.

- 25. كوثراني، وجيه (2010)، الهوية، و المواطنة، و الدولة : إشكال في وعي العلاقة أم في بنية الثقافة؟، مجلة التسامح، العمانية للتوزيع والتسويق، العدد 29، الصفحات 1–15.

- 26. منتاق، سعيد (2019)، من الكرامة إلى هوية وطنية متكاملة؛ قراءة في كتاب فرانسيس فوكوياما «الهوية: مطلب الكرامة وسياسة الامتعاض»، مجلة الباب، مؤمنون بلا حدود للدراسات و الابحاث، العدد (14)، الصفحات 250–256.

ئینگلیزی:

Books:

- 27. Aziz, Mahir A. (2015), The Kurds of Iraq: Nationalism and Identity in Iraqi Kurdistan, I.B. Tauris: London.
- 28. Bevir, Mark, ed. (2010), Encyclopedia of political theory, A-E. Sage: United States of America.
- 29. Cairns, Douglas (2019), "thymos." Oxford Classical Dictionary, 26 Mar. 2019; Accessed 1 Dec. 2024. https://oxfordre.com/classics/view/10.1093/acrefore/9780199381135.001.0001/acrefore-9780199381135-e-8180 .

- 30. Fukuyama, Francis (2022), Liberalism and its discontents, Profile Books: London.
- 31. Lipset, Seymour Martin (1963), The First New Nation: The United States in Historical and Comparative Perspective, Basic Books inc: New York.
- 32. Smith, Anthony D. (2009), Ethno-symbolism and nationalism: A cultural approach, Routledge: New York.
- 33. Tatum, B. D. (2000). The complexity of identity: "Who am I?" In Adams, M., Blumenfeld, W. J., Hackman, H. W., Zuniga, X., Peters, M. L. (Eds.), Readings for diversity and social justice: An anthology on racism, sexism, anti-semitism, heterosexism, classism and ableism (pp. 9-14), Routledge: New York .
- Journals:
- 34. Assmann, Aleida (2021), "Re-imagining the Nation: Memory, Identity and the Emotions", "European review", Volume 29, no 1, p. 3-17.
- 35. Fukuyama, Francis (2006a), "Culture, Identity and Democracy in the Face of Modernization" "REAL ESTATE ISSUES-AMERICAN SOCIETY OF REAL ESTATE COUNSELORS", Volume 31, no. 2, p. 1-8
- 36. Fukuyama, Francis (2006b), "Identity, immigration, and liberal democracy", "Journal of democracy". Volume 17, no. 2, p. 5-21.
- 37. Fukuyama, Francis (2018a), "Against Identity Politics: The New Tribalism and the Crisis of Democracy", "Foreign Affairs", Volume 97, no. 5, p. 90-114.
- 38. Fukuyama, Francia (2018b)," WHY NATIONAL IDENTITY MATTERS", "Journal of Democracy", Volume 29, no 4, p. 5-15.
- 39. Kochi, Tarik (2021), "A dangerous text: Francis Fukuyama's mischaracterisation of identity, recognition and right-wing nationalism", "Borderlands Journal", Volume 20, no. 2, p.155-182
- 40. Paďour, František (2020), "Identity according to Francis Fukuyama: An obstacle to the end of history", "Politics in Central Europe", volume 16, no.1, p. 327-345.

# نظرية الهوية لدى فرانسيس فوكوياما

**هاوكار رسول محمد**
قسم النظم السياسية والسياسة العامة، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين–أربيل، إقليم كوردستان، العراق
hawkar.mohammed@su.edu.krd

**أمين فرج شريف**
قسم النظم السياسية والسياسة العامة، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين–أربيل، إقليم كوردستان، العراق
amin.sharif@su.edu.krd

**الملخص**
أصبحت الهوية قضية محورية في الفكر السياسي المعاصر، مما أدى إلى ظهور أطروحات ومقاربات متعددة حولها. فرانسيس فوكوياما، ضمن الإطار الأيديولوجي للديمقراطية الليبرالية، قدّم رؤيته الخاصة حول الهوية. تسعى هذه الدراسة إلى توضيح فهم فوكوياما للهوية، وتسليط الضوء على تأثيرها في المجتمعات والدول.
يشدد فوكوياما على حق الفرد في تحديد هويته، حيث يرى أن الإنسان يسعى بطبيعته للحفاظ على كرامته. في تحليله للهوية، يستند فوكوياما إلى مفهوم "الثيموس" (Thymos)، الذي يعبر عن الرغبة الفطرية لدى الإنسان لنيل الاعتراف بكرامته. يعتبر فوكوياما الهوية القومية حجر الأساس في بناء الدولة (Nation–building)، ويرى أنه يمكن تشكيلها عبر الدساتير، والأنظمة التعليمية، والقيم السياسية المشتركة.
كما يوجه فوكوياما انتقادًا لسياسات الهوية، حيث يرى أنها تهمل كرامة الفرد لصالح الاعتراف بالجماعات، مما قد يؤدي إلى تفتيت المجتمعات. كذلك، يعتبر أن التعددية الثقافية في المجتمعات الغربية أصبحت عاملًا يساهم في تفكيك المجتمعات بدلاً من تعزيز تماسكها في المستقبل.
**الكلمات المفتاحية:** فوكوياما، الهوية، الهوية القومية، سياسات الهوية، التعددية الثقافية.

# The Theory of Identity by Francis Fukuyama

**Hawkar Rasool Mohammed**
Department of Political Systems and Public Policy, College of Political Science, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
hawkar.mohammed@su.edu.krd

**Amin Faraj Sharif**
Department of Political Systems and Public Policy, College of Political Science, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
amin.sharif@su.edu.krd

**Abstract**
Identity has become a central issue in contemporary political thought, leading to the emergence of various theories and perspectives. Within the ideological framework of liberal democracy, Francis Fukuyama offers his own perspective on identity. This study aims to clarify Fukuyama's understanding of identity and highlight its impact on societies and states.
Fukuyama emphasizes an individual's right to define their own identity, arguing that human beings inherently seek to preserve their dignity. In his analysis, he draws on the concept of “thymos”, which represents the innate human desire for recognition and dignity.
He views national identity as a cornerstone of nation-building, asserting that it can be cultivated through constitutional frameworks, education systems, and shared political values.
Fukuyama also critiques identity politics, arguing that it prioritizes group recognition over individual dignity, ultimately leading to societal fragmentation. Furthermore, he believes that multiculturalism in Western societies has become a factor contributing to their disintegration, rather than strengthening social cohesion in the future.
**Keywords**: Fukuyama, Identity, National Identity, Identity Politics, Multiculturalism.